پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە لاماندا تێپەڕ بوو لەکاتێکدا خانووچکەیەکی خۆمان چاکدەکرد

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە لاماندا تێپەڕ بوو لەکاتێکدا خانووچکەیەکی خۆمان چاکدەکرد (لە دار یان قامیش دروستکرا بوو)، فەرمووی: «ئەمە چییە؟»، ووتمان: لاواز بووە (خەریکە دەڕووخێت)، وئێمە خەریکین چاکی دەکەین، ئەویش فەرمووی: «پێم وابێت ئەجەل (مردن) لەوە نزیکترە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای عەمروی کوڕی عاسدا تێپەڕ بوو لەکاتێکدا ئەو خەریکی چاککردنی خانوویەکی بوو، لە گێڕانەوەیەکی تردا: (خەریکی سواخدانی دیوارێکم بووم -بە قوڕ-) [رواه أبو داود]، ئەویش فەرمووی: (پێم وابێت ئەجەل -مردن- لەوە نزیکترە): واتا مردن نزیکترە لەوەی بترسی خانووەکەت بڕووخێت؛ لەوەیە بمرێت پێش ئەوەی خانووەکەت بڕووخێت، چاککردنی کردەوەکانت دەبێت لە پێشەوەی چاککردنەوەی خانووەکەت بێت، وا دیارە چاککردنەوەی ئەو خانووە گرنگ نەبووە، بەڵکو مەبەست بەهێزکردنی بووە، یان مەبەستی ئەوە بوو جوانتری بکات، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە کە کردەوە بۆ قیامەت باشترە لە سەرقاڵ کردن بە کارێکی دونیا کە پێویست نەبێت بۆ دونیا وسوودی نەبێت بۆ دواڕۆژ.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4205